هەڵبەستوان و ئاوازدانەر لەپێش نیشانەی ؟

هەموو کاتێ گۆرانیبێژ مافی خۆی وەردەگرێ لەناوبانگ ، خۆشەویستی جەماوەرەکەی ، هەندێ جاریش بڕێک سەرمایەی مادی هەروەها کەسی دیاری خاوەن ئەلفوبێ تا یێ ی بەرهەمەکەیە مۆرکی مێژووی پێوە دەسڵەمێنێ . ژەنیارەکان بەپەلەپڕوزێ یان بەزۆر پارەی مافی ماندوبونیان مسۆگەر دەکەن وەک مەرجی بەشداری یا ئامادە و دابەشکردنی موزیک . هەڵبەستوان بێ مافترین بەشداری کایەکەیە کە هۆنراوەکەی بڵاودەکاتەوە زۆرجار دوای مردنیشی یان هەر بێئاگایە لەتسێدێ و بەرکامیرا وشەکانی بەچڵەدوکەڵ دەسوتێنن ، ئاوازدانەریش سازکاری هەستە ڕۆحدەری وشە و هەڵبەستەکانە بەتۆن و میلۆدیە ڕۆمانسیەکەی دەروون دەدوێنێ لەگوێچکەوە جەماوەر بەحەیران دێنێ کۆیان دەکاتەوە ئەگەر ناسراو نەبێ ڕەنجی ئەویش لەبەر زەوق و خواستی هەندێ گۆرانیبێژ تۆزی بەر ڕەشەبایە . بۆ گۆرانیبێژەکان هەمان کەرەستە و بەرهەم جگە لەڤیدیۆکلیپ و تەلەفزیۆن ، کاسێت و تسێدێ قازانجی مادی لێ دەکەن ئەوجا لەهەربۆنە و ئاهەنگێکیش ڕاستەوخۆ دیسانەوە جارێکی دی کۆڵێ پارەی تری پێ وەردەگرن مافی ئەوان پێشێل دەکەن بەتایبەتیش هەڵبەستوان و ئاوازدانەر کەلەسەرەتاوە هەوڵی پشتگوێخستنیان دراوە یا نایانەوێ مافی ئاساییان بدەنێ تابکرێ هەر بەلووشی یە ! دەشپارێنەوە تسێدێمان کۆپی دەکرێ یا لەم بەرهەمە زیانمان لێکەوت ! یاسا و ڕێسای پیشەسازیکردنی هونەری و بەتایبەتیش گۆرانی ماف و ئەرکی هەموو بەشداربووانە ، ڕەوایە وەک پڕۆژەیەکی بازرگانی پەیڕەوبکرێ و دەبێ بەسودی هەمووان تەواوبێ .. لەهەڵبەستوان ، ئاوازدانەر ، ژەنیار و بەرهەمهێنەر ئەگەر گۆرانیبێژەکە جارێکی تر هەرخۆشی نەبێ ؟

دڵشاد تاقانە

Dlshadtakana@yahoo.com